# پزیشکانی ئینگلیستان دەیانەوێت هەموو منداڵێك دژی زەردوویی B  بکوترێت.

**پاش ئەوەی رێکخراوی تەندروستی جیهانی پێشنیاری کرد کە پێویستە کوتانی دژی زەردوویی بکرێتە نێو پرۆگرامی نەتەوەیی کوتانی تەمەنی منداڵییەوە ، چەند ساڵێکە کۆمەڵەی پزیشکانی ئینگلیستان (British Medical Association) داواله حکومەت دەکەن تا هەموو منداڵێکی وڵاتەکەیان (هەروەك چۆن دژی نەخۆشی دی دەکوترێن) دژی ئەم جۆرە زەردوووییەش بکوترێن .**

**هۆی ئەم داواکارییەش دەگەڕێتەوە بۆ:**

**بەراوردێکی نێوان رێژەی تووشبوان بەم جۆرە ڤایرۆسە لە ساڵانی 1992 دا 489 تووشبو تۆمارکراوە بەڵام لە ساڵی 2003 دا ژمارەکە زۆر زێدی کردووە و گەیشتۆتە 1151 تووشبو .**

**ئەوی راستی بێت ئەم جۆرە زەردوویيە دەبێتە هۆی داڕزاندنی و شێرپەنجەی جگەر، بە پێی کۆمەڵەی پزیشکانی ئینگلیستان ئەمڕۆ نزیکەی 350 ملیۆن زەردوویيداری جۆری B هەیە و رۆژانە  لە دونیادا 2 مرۆ بە ڤایرۆسی ئەم زەردوویيە دەمرێت .**

**ئەوەی شایانی باسە کۆمەڵەی نێوبراو لە ساڵی 1995 ەوە هەوڵ دەدات تا کار بکاتە سەر حکومەت تا ئەم کوتانەش بخرێتە نێوپرۆگرامی کوتانی وڵاتەکەوە .**

**پزیشکان و پسۆرانی سوێد و وڵاتە سکەندناڤیەکان لە هەوڵی ئەوەدان لە کۆبوونەوەیەکی پلاندانراودا داوا لە حکومەتەکانیان بکەن هەمان کوتان بخەنە نێو پرۆگرامی کوتاندی تەمەنی منداڵی وڵاتەکانیانەوە .**

**سەرچاوە**

1. Peter Örn, Läkartidningen.nr.20. 2005.vol.102. ; 1509.